گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper7
ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠٥/٠٦
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٧/٠٣
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرامبەر ڕێککەوتننامەی جەزائیر (1975)

**ئومید یاسین رسول[١] - محمد عبدالله کاکەسور[٢]**

makakasur@yahoo.com - omeedyaseen@gmail.com

[٢+١]بەشی مێژو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

دوای دەستپێکردنەوەی کردە سەربازییەکان لە نێوان دەسەڵاتدارانی بەغدا و کورد لە ساڵی 1974دا، دەوڵەتانی عەرەبی لە ئاست ڕوداوەکانی عێراق بێهەڵوێست نەمانەوە، هەوڵەکانی خۆیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی هەردو دەوڵەتی عێراق و ئێران لە یەکتر نزیک بکەنەوە و کۆتایی بە کێشەی چەند ساڵەی نێوانیان بهێنن لەمەشدا سەرکەوتوبون. دوای هەوڵێکی زۆر دواجار توانیان ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوانیان ببەستن و عێراق و ئێران ئاشتبونەوە و زەرەرمەندی گەورەش کوردبو، چونکە کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هات کە ماوەی چواردە ساڵ بەردەوام بو.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دو تەوەری سەرەکی و ئەنجام پێکهاتوە، تەوەری یەکەم باسی ڕۆڵی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە نزیککردنەوەی عێراق و ئێران دەکات، تەوەری دوەمیش تیشک دەخاتە سەر ڕێککەوتننامەی جەزائیر و کاردانەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرامبەر ڕێککەوتننامەکە دەکات. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێک خراوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** ڕێککەوتننامەی جەزائیر، نێوەندگیری، هەڵوێست، سەدام، کۆبونەوە، شای ئێران

**پێشەكی:**

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كورد لە سەدەی بیستەم بە گرنگترین قۆناغی خەباتی نەتەوەیی خۆی تێپەڕیوە، بەتایبەت شۆڕشی ئەیلول دژی ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق كە چواردە ساڵی خایاند، خەباتی نەتەوەیی گەلی كورد لە كوردستانی عێراقدا لەبەرئەوەی دژی وڵاتێكی عەرەبی بو، بۆیە وڵاتانی عەرەبیش لە ئاست ڕوداوەكانی عێراق بێ هەڵوێست نەمانەوە.

حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق هەمو ڕێگایەكی سەربازیان گرتەبەر بۆئەوەی بتوانن شۆڕشی كورد لەناوببەن، بەڵام نەیانتوانی و سەركەوتونەبون بۆیە بیریان لە ڕێگایتر كردەوە ئەویش ڕێگای دبلۆماسی بو، بۆ ئەم مەبەستە كەوتنە هەوڵی جێبەجێكردنی پیلانێكی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ ئێران تا یارمەتی لە شۆڕشی كورد ببڕن.

**گرنگی توێژینەوەكە:** ئەم بابەتە تاكو ئێستا لەلایەن مێژونوسان و توێژەرانی كورد وەك پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، شۆڕشی كورد لە كوردستانی عێراق لەبەرئەوەی دژی وڵاتێكی عەرەبییە بۆیە پێویستە هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبییەكان بایەخی پێبدرێت و بخرێتەبەر توێژینەوە، هەمو ئەمانەش هاندەری سەركی بون تا من ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبییەكان بەرامبەر ڕێككەوتننامەی جەزائیری 1975) ئەنجام بدەم. سەبارەت بە توێژینەوەی پێشتر لەم بوارەدا، گەڕاوینەتەوە بۆ (ڕێككەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەكانی لەسەر كێشەی كورد لە كوردستانی باشور)ی كامەران بابان زادە، لەم توێژینەوەیە تیشك خراوەتە سەر ڕێككەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەكانی دوای ڕێككەوتننامەكە كە بە فراوانی باسكراوە، بەتایبەت زەمینەسازی دەوڵەتانی كاراكتەر لە ناوچەكە، هەروەها بەزمانی عەرەبیش پشتمان بە نامەی ماستەر (اتفاقية الجزائر 1975 مقدمتها، ونتائجها)ی، فلاح خلف محمد بەستوە كە سەرچاوەیەكی گرنگە لەم بوارەدا، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر ڕۆڵی دەوڵەتە عەرەبیەكان و بەتایبەت پرژاوینەتە سەر كاردانەوەی ئەو دەوڵەتانە دوای بەستنی ڕێككەوتننامەكە، بە پشت بەستن و گەڕانەوە بۆ چەندان ڕۆژنامەی جیاجیای دەوڵەتانی عەرەبی ئەوكات.

**ئامانجی توێژینەوەكە:** توێژەر هەڵدەستێت بە توێژینەوەیەكی زانستییانە و دەرخستنی هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبییەكان بەرامبەر دۆزی كورد لە قۆناغە جیاوازەكان و ئاشناكردنی نەوەی ئێستا و داهاتو بەم قۆناغە مێژوییە، بەگشتی بایەخ بە هەڵوێستی هەمو دەوڵەتە عەرەبییەكان دەدەین، بەڵام زیاتر تیشك دەخەینەسەر میسر و ئەردەن و جەزائیر كە لەو ڕێككەوتنەدا هاوكێشەی سەرەكی بون.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:** ڕۆڵی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە نزیکردنەوەی عێراق و ئێران چیبو؟ بۆچی هەندێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان کەوتنە نێوەندگیری عێراق و ئێران؟ هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبییەکان دوای ڕێککەوتننامەکە چۆن بو؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژەر پشت بە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی وەسفی لە بواری مێژودا و بە یەکدواداهاتنی ڕوداوەکان هەروەها ڕێبازی ڕەخنەیی و شیکاری بۆ کردنیان لە کاتی پێویستدا دەبەستێت.

**ناوەرۆک:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دو تەوەری سەرەکی و ئەنجام پێکهاتوە، تەوەری یەکەم باسی ڕۆڵی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە نزیککردنەوەی عێراق و ئێران دەکات، تەوەری دوەمیش تیشک دەخاتە سەر ڕێککەوتننامەی جەزائیر و کاردانەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرامبەر ڕێککەوتننامەکە دەکات. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێک خراوەتەڕو:

ئەویش بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر لە بەڵگەنامە و پەرتوک و توێژینەوە و یاداشت و بیرەوەری و چاوپێکەوتن و ڕۆژنامەکان، بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی، هەندێک لە نوسەرانی ئەو پەرتوکانە خۆیان کاراکتەری ناو ڕوداوەکان بونە. لە کۆتاییدا هیچ کارێک بە بێ کەموکورتی نابێت.

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە نزیک کردنەوەی عێراق-ئێران:

حزبی بەعس کە لە دوای کودەتای 17ی تەموزی 1968دا، دەسەڵاتی گرتەوە دەست، لەبەرئەوەی حکومەتێکی لاواز بو، هێشتا پێگەی سیاسی و هێزی سەربازی ئەوەندە بەهێز نەبو، ڕایانگەیاند بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد، ڕێگە چارەی ئاشتی دەگرنەبەر، بۆیە لە کۆتایی 1969دا ناچاربون، لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکەونە گفتوگۆ و دانوستاندن، ئەنجامی ئەم هەوڵانە بەیاننامە مێژوییەکەی 11ی ئاداری 1970ی لێکەوتەوە. (کاوە، 1990، 70-72؛ عەبدوڵلا، 2008، 31-36)، کە بۆ یەکەم جار حکومەتی عێراق دانی نا بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و بەشداری کورد لە حکومرانی و بڕیاردرا زمانی کوردی ببێت بەزمانی فەرمی لە عێراق لە پاڵ زمانی عەرەبی...(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عیسی، 1992، 213-218؛ الموصلي، 2000، 250-254).

دەبوایە لە ماوەی چوارساڵدا ئەو خاڵانەی لەسەری ڕێککەوتبون جێبەجێ بکرایە، بەڵام حکومەت لە ماوەیەدا توانی نەوت لە ساڵی 1972دا خۆماڵی بکات، نرخی نەوتیش بەرزبوەوە بەم هۆیەوە ئابوری عێراق گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، هەروەها لە لایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە پڕچەک کرا، (زادە، 2013، 69-70؛ عەبدولقادر، 2008، 185-193)، لە سەرەتای ساڵی 1972دا هەوڵێک هەبو لە لایەن عێراق، بۆ پێکهێنانی یەکێتی نێوان میسر و سوریا و عێراق، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە، (السمر،

2012، 377)، لە تەموزی 1973دا بەرەی نەتەوایەتی و نیشتمانی پێشکەوتنخوازی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق مۆرکرد، بەم کارە بەعس توانی تاڕادەیەک بەرەی ناوخۆ ڕێک و بەهێز بکات، لە هەمان کاتیشدا هەست و سۆز و لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت و پارتە کۆمەنیستەکانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی بەدەستبهێنێت، لە پاڵ ئەمانەشدا لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا، بە هەڵڕشتنی پارە و خستنەڕوی پۆستی کارگێڕی توانی چەند سەرکردە و کەسایەتییەکی دیار لە ناو شۆڕشی کوردستاندا بیانهێنێتە پاڵ خۆی و لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەدا بیانترازێنێت، (الخرسان، 2001، 207-212).

لە ناوەڕاستی ئاداری 1974 شەڕ دەست پێدەکاتەوە، پاش ئەوەی حکومەتی عێراق یەک لایەنە (ئۆتۆنۆمی کوردستان)ی ڕاگەیاند، لە ناوەڕاستی مانگی نیسان حکومەت هێرشی بەرفراونی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان دەست پێکرد، (کۆچێرا، 2003، 392؛ ڕەئیسینەژاد، 2022، 356-357). حکومەتی بەعس لەبەرئەوەی بە تەنیا شەڕی کورد بۆ ئەو قورس بو، بۆیە بەناچاری پەنای بردە بەر دەوڵەتانی عەرەبی و ئەوروپی، تا فشار لە ئێران بکەن بۆ ئەوەی دەست لە پشتیوانی کورد هەڵگرێ و ناکۆکی نێوانیان چارەسەر بکەن، هەرچەندە سەرەتا ئێران لە وردەکاری هەوڵەکانی عێراق ئاگادارنەبو، بەڵام دەیزانی عێراق بەدوای وتوێژ لەگەڵ ئێران دەگەڕێ. (پژمان، 1997، 88).

تورکیا بەر لە هەر لایەک هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان عێراق و ئێرانی دەدا، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە 16ی ئایاری 1974دا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، کۆبونەوەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا بەسترا، داوایان لە وەزیری دەرەوەی ئێران کرد، کە یارمەتی کوردی عێراق نەدەن، چونکە سەرکەوتنی کورد کێشەیەکی گەورە بۆ هەر سێ دەوڵەت دروست دەکات، هەروەها لە 12-18ی ئابی 1974دا سەعدون حەمادی(1930-2007) و عەباس عەلی خەلعەتبەری(1913-1979)، وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران جارێکی تر لە ئەستەنبۆل کۆبونەوە، جگە لەوە لە کۆتایی 1974دا تورکیا جارێکی تر توانی نوێنەرانی عێراق و ئێران لە ئەستەنبۆل بگەیەنێتە یەک و کۆبونەوەیان پێ بکات، (الخرسان، 2001، 224؛ عومەر، 2002، 48-49)، دەکرێت ئەم هەوڵانە ڕێگەخۆشکەربن و بیرۆکە و هەوڵی لایەنیتریشی بەدوادا هاتبێت و زەمینە خۆشکەری عێراق و ئێران بوبن بۆ ڕێککەوتن.

ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئەو هەمو هێرش و پەلامارانەی بۆ سەر کورد، بەڵام نەیتوانی بەڕێگای شەڕ و بەکارهێنانی توانای سەربازی مەبەستەکانی خۆی بۆ لەباربردنی شۆڕشی کورد بەدەستبهێنێت، بۆیە کەوتنە بەکارهێنانی دوا نەخشەی ستراتیژی خۆیان، ئەویش بەگرتنەبەری ڕێگای سیاسی و دیبلۆماسیانە، بۆ لەباربردنی شۆڕشی کورد، (جەلال، 1998، 406)، لەبەرئەوە عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی 1974دا گەیشتبو

بەو ئەنجامەی کە بۆ ڕوخاندنی دیواری گۆشەگیرکردنی عێراق و شکست پێهێنانی شۆڕشی کورد لە بەرەی سیاسیدا، پێویستی بەوەیە بگاتە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ڕژێمی شادا، (ئینتیسار، 2004، 263).

کاتێک شەڕ و پێکدادان لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق زیاتر بو، سەدام حوسێن (1937-2006) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق کەوتە هەوڵدان و جێبەجێکردنی پلانی بەعس کە بیرۆکەی سەدام حوسێن بو، لە سەر ئەو بنەمایەی یارمەتی لە شۆڕشی کورد ببڕێت، (عیسی1992، 236)، بۆیە بەعسییەکان بڕیاریاندا دەست بە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانیان بکەنەوە لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و هەمو جیهانی عەرەبی و وڵاتانی بێلایەندا، (دێشنەر، 2004، 334)، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا سەدام حوسێن پەیوەندی بەو دەوڵەتە عەرەبییانەوە کرد کە پەیوەندی توند و تۆڵ و بەتینیان لەگەڵ ئەمەریکا هەبو، وەک شانشینی عەرەبی سعودیە و ئەردەن و میسر، (عیسی، 1992، 236)، بۆ ئەوەی بتوانن ناوبژیوانی نێوان عێراق و ئێران بکەن و بە هاوکاری یەکتر بەسەر دۆزی کورد سەربکەون، بەتایبەت ئەردەن تا ئەوکات توانیبوی بەشێوەیەکی باش پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەردو دەوڵەتی عێراق و ئێران بپارێزێ، ڕۆڵێکی گرنگ بۆ لێک نزیککردنەوەی هەردو دەوڵەت بگێڕێ، ناوبژیوانی دەوڵەت عەرەبییەکان کە بە شێوەیەکی ئاشکرا هەستی پێدەکرا، ئەمەش لە کاتێکدا بو یەکێتی سۆڤیەت بڕیاری ناردنی چەک و جبەخانەی بۆ عێراق کەمکردبوەوە چونکە بەشێوەیەکی ئاشکرا عێراق بەرەو بلۆکی ڕۆژئاوا دەچو، (هێتوتی، 2009، 72). لە لایەکی ترەوە چەند نێردراوێکی عەرەبستانی سعودی بۆچونی هەریەک لە (واشنتن و ریاز)یان بە محەمەد ڕەزاشا(1919-1980) شای ئێران ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی تاران نەرمی بنوێنێت بەرامبەر عێراق، (دێشنەر، 2004، 334).

لەبەرئەوەی هەوڵەکانی یەکەمین زەمینە خۆشکردن بۆ ڕێککەوتنی جەزائیر زۆر نهێنی بون، بۆیە زەحمەتە ئەوە بزانرێ کە یەکەم هەنگاو بۆ ئەم ئاشتییە سەیرە کێ نای، ئەنوەر سادات(1918-1981)، هەواری بۆمیدیەن(1932-1979)، یان شا حوسێن(1935-1999) پاشای ئەردەن؟ (کۆچێرا، 2003، 417). ئەگەرچی ڕۆڵی سادات لەم ڕوداوەدا گرنگ بوە، بەڵام شا خوازیاری زەمانەتی ڕێبەرێکی تری عەرەبی توندی وەک بۆمیدیەن بو، (کۆچێرا، 2003، 417).

بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێی نێوان عێراق و ئێران، کۆمەڵێک وڵا**ت** وەک نێوەندگیر دەستێوەردانیان کردوە، دەوڵەتانی عەرەبیش نەیانتوانی بە دورەپەرێزی بمێننەوە بەڵکو کەوتنە نێوەندگیری نێوانیان، چونکە پێیانوابو ئەو ململانێیە لە نێوان دو نەتەوەیە، نەتەوەی عەرەب کە عێراق و نەتەوەی فارس کە ئێران نوێنەرایەتی دەکات، هەروەها لە نێوان دو دەوڵەتی ئیسلامیدایە، واتە ململانێکە لە سەر بنەمای ناکۆکی نەتەوەیی نێوان هەردولایە، لێرەوە وڵاتانی عەرەب کە پشتیوانی عێراق دەکەن، لەسەر بنەمای وابەستەیی نەتەوەیی و لەسەر

بنەمای پەیمانی بەرگری هاوبەشی عەرەبی سەرچاوەدەگرێت، هەروەها هەندێک لە دەوڵەتانی تریش بەرژەوەندییان لەگەڵ ئێران هەبو، جا عەرەب بن یان دوژمنی عەرەب بن، (زینب، 2016، 79-80).

سادات لە ڕێگەی بەهائەدین ئەحمەد سکرتێری ڕۆژنامەوانی خۆی، تاڵەبانی ئاگاداردەکاتەوە لە نیازی سەدام و ئاشتبونەوەی لەگەڵ شای ئێران، داوایکردبو کە کوڕەکانی بارزانی و جەلال تاڵەبانی بێن، لەگەڵ خۆی دەیانبات بۆ کۆنگرەکە، ئەگەر سەدام داوای ئاشتبونەوەی لەگەڵ شا کرد، من وەڵام ئەدەمەوە ئەڵێم لە جیاتی ئەوەی ئێمەی عەرەب لەگەڵ شا پێکبێین لەگەڵ برا کوردەکانمان کە لێرەن ڕێک دەکەوین. تاڵەبانی دەڵێت بۆ ئەم مەبەستە نامەیەکم بۆ ئیدریس و مەسعود بارزانی نوسی، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش نامەکەیان بەهەندوەرنەگرت حەبیب محەمەد کەریمیان نارد بۆ قاهیرە، بەڵام نەیتوانی سادات ببینێت، بارزانی کۆمەڵێک نامەی نوسراوی بە حەبیب محەمەد کەریم دابو، بۆ ئەوەی بیبات بۆ مەغریب بەڵام لە فرۆکەخانە ڕێگایان پێگرتبو)، (ڕەشید، 2019، 403-406 ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 1298، 2 /6/ 1996).

لە 26ی تشرینی یەکەمی 1974دا کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی لە (رباط)ی پایتەختی مەغریب بەسترا، بە ئامادەبونی سەرجەم پادشا و سەرۆکی دەوڵەتانی عەرەبی، جگە لە معەمەر قەزافی(1942-2011) سەرۆکی لیبیا و ئەحمەد حەسەن بەکر(1914-1982) سەرۆک کۆماری عێراق، لە شوێنی ئەو جێگرەکەی سەدام حوسێن بەشداریکرد، (جريدة البشير، العدد 32174، 1974/10/26؛ جريدة الدستور، العدد 2605، 1974/10/27)، لە کۆنگرەکەدا لە کێشەی کورد و عێراق و ئێران دوان، (مستەفا، 2007، 313)، دوای ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا سەدام حوسێن گلەیی و سکاڵای لە دژی ئێران کرد، سەرۆکایەتی کۆنگرە بڕیاری نێوەندگیری عەرەبییان لە نێوان هەردولادا، (محمد، 2006، 76-77)، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاردراوە بە ڕاسپاردنی شای مەغریب حەسەنی دوەم(1929-1999) وەک سەرۆکی کۆنگرە، بۆ ئەوەی ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان هەردولا بگێڕێت، بەڵام شای مەغریب پێشنیاریکرد ئەرکەکە بە شا حوسێنی ئەردەن بسپێردرێت، وەک دۆستێکی شای ئێران، لە هەمان کاتدا ئەنوەر ساداتیش هەمان ڕۆڵببینێت، (الخزاعي، 2007، 141).

ئەنوەر سادات کە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ شای ئێران هەبو، پەلەی لەو کارە کرد بە ئومێدی نێوەندگیری و کۆتاییهێنان بە ململانێی نێوان عێراق و ئێران، هەستا بە ناردنی نوێنەری خۆی ئەشرەف مەڕوان(1944-2007) بۆ هەردو پایتەخت، لە تشرینی یەکەمی 1974 چاوی بە سەدام حوسێن کەوت، دوای دیدارەکە مەڕوان قسەکانی سەدامی بە شا گەیاند، کە ئامادەیی تەواوی خۆی نیشانداوە، بۆ سازشکردن لە بارەی مافی کەشتیوانی لە شەتل عەرەب بۆ ئێران، بەمەرجێک ئێران دەستبەرداری پشتیوانی کورد بێت، بەڵام بە هۆی نەبونی متمانە لە نێوانی هەردولادا ئەم نێوەندگیریە شکستی هێنا، (محمد، 2006،

77)، وەڵامی شا ئەوە بوە کە ئەو هانی کورد نادات بۆ داوای سەربەخۆی لە عێراق بەڵکو گەیشتن بە ئۆتۆنۆمییەکی سنوردار، هەروەها ئاماژەیەکی دڵنیاکەرەوەی پێدا کە ئەو دەتوانێت کۆنترۆڵی دۆخی کورد بکات بیانهێڵێتەوە یان نا، شا ویستویەتی پەیامێک بگەیەنێت بە سەدام کە تاکە بژاردە بریتییە لە وازهێنان لە نیوەی شەتل عەرەب، لەبەرئەوەی سەرکەوتن بەسەر بزوتنەوەی کورد بە توانای شا بەستراوەتەوە، (محمد، 2006، 77-78). هەروەها بۆ ئەم مەبەستە شا حوسێنی ئەردەن لە تشرینی دوەم نوێنەری خۆی بۆ هەردو پایتەخت ناردوە، بۆ لێکترنزیکردنەوەی بۆ چونەکانی عێراق و ئێران، (الخزاعي، 2007، 141).

لە کانونی یەکەمی 1974دا سەدام حوسێن بەسەردانێک دەچێتە جەزائیر و لە لایەن عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە(1937-2021) وەزیری دەرەوەی جەزائیر پێشوازی لێدەکرێت، حکومەتی جەزائیر توانیویەتی بۆچونی عێراق و ئێران لە یەکتر نزیکبکاتەوە. (البخاتي، 2022، 25). ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆماری عێراقیش، لە کۆتایی ساڵی 1974 نامەیەک لە ڕێگای سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ ئەنوەر سادات ئەنێرێت، داوای لێدەکات کە بکەوێتە نێوان عێراق و ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانیانەوە، ساداتیش ئەم داوایەی سەرۆکی عێراقی بەهەند وەرگرتوە و بە کاری پێویست هەڵدەستێت، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، سنجاري، 2006، 58-60). هەرچەندە سادات لە کۆنگرەی ریبات-یش وەک نێوەندگیر دەست نیشان کرابو، بەڵام پێدەچێت نامەکەی بەکر بۆ سادات بۆ ئەوە بوبێت کە سادات وەک دۆستێکی شا، زیاتر گرنگی بە بابەتەکە بدات و بێتە ناو پرسەکەوە.

ناوبژیوانی تری وڵاتانی عەرەبی وەکو جەزائیرییەکان لە هەوڵدابون لە ڕێکخستنی کۆبونەوەی پچڕپچڕدا لە نێوان هەردولادا کە ئەوەش لە کۆتایی ساڵی 1974وە تا ئاداری 1975 بەردەوام بون، (ئینتیسار، 2004، 263)، ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی لە 10 کانونی دوەمی 1975دا ناوەرۆکی کۆبونەوەکەی نێوان سەدام و بۆمیدیەنی لە شاری ڕیبات بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کردوە، کە بابەتی کۆبونەوەکە زیاتر پەیوەندی بە لەیەکتر نزیک کردنەوەی عێراق و ئێرانەوە بوە، (جەلال، 1998، 408).

سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق لە 11ی کانونی دوەم گەشتێکی بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکان دەست پێکرد، سەرەتا بۆ سعودیە و دواتر سەردانی هەریەک لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتو و قەتەر و بەحرەین و کوێتی کرد، لە لێدوانێکی ئاماژەی بەوەکرددوە، ئامانجی گەشتەکەی هەماهەنگی کردنی سیاسەتی عەرەبییە لەسەر پێشهاتەکانی ناوچەی کەنداو، (جريدة الاهرام، العدد 32174، 1975/1/12)، شێخ محەمەد موبارەک ئەلخەلیفەی وەزیری کاروباری دەرەوەی بەحرێن(1971-2005) ئاماژەیەکی وای بۆ سەدام کردبو، کە باشترین ڕێگە بۆ هاوکاریکردنی وڵاتانی کەنداو ئەوەیە، کێشەی سنوری لەگەڵ ئێران و کوێتدا چارەسەر بکات، (ڕەئیسینەژاد، 2022، 373).

حەمادی هەوڵیداوە پاڵپشتی دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لە ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئێران بە دەستبهێنێت، لە میانی کۆبونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی کەنداو هەستی بە خواستێکی زۆر کردوە، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئێران، بۆ ئەوەی ناوچەکە خۆی لە چونە ناو شەڕێک بە دوربگرێت، کە ڕەنگە درێژبێتەوە وڵاتە دەوڵەمەندەکانیان بە نەوت تێوەبگلێن و لە بەرامبەردا ببێتە هۆی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی، (الخزاعي، 2007، 142)، هەروەها حەمادی شێلگیرانە داوای لە دەوڵەتە عەرەبییەکان کرد کە بە سەروسەوداکە ڕازیبن، (گیبسن، 2019، 434)، ئەم پەیامەی حەمادی ئاگادارکردنەوە و ترسێکیشی داوە بە دەوڵەتانی کەنداو، کە لە ئەگەری شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئەوانیش پارێزراو نابن و پریشکی شەڕەکە ئەوانیش دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە پشتیوانی لەو سەودایەی عێراق بکەن، لەبەرئەوە پێدەچێت دەوڵەتانی کەنداویش ئەم پەیامەیان بە هەند وەرگرتبێت و ڕازیبونی خۆیان نیشاندابێت.

لە 6ی کانونی دوەمی 1975دا، شای ئێران بەسەردانێک گەیشتە ئەردەن، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەوێ مایەوە، (جريدة الدستور، العدد 2673، 1975/1/6)، لە ڕاگەیاندنی بەیانی کۆتایی نێوان هەردولا جەخت لەسەر پاراستنی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ناوچەکە بەتایبەتی کراوەتەوە، (جريدة الدستور، العدد 2676، 1975/1/9؛ جريدة اخبار الاسبوع، العدد 685، 1975/1/9)، هەرچەندە لەبەر نهێنی دۆسیەی ئاشتکردنەوەی عێراق و ئێران بە شێوەیەکی زۆر نهێنی بەڕێوە دەچو، بۆیە لە بەیانی کۆتایی هەردولا باسی عێراق نەکراوە، بەڵام بەبڕوای ئێمە ئەم گەشتەی شای ئێران بۆ ناوچەکە و چونی بۆ ئەردەن، پەیوەندی بە دۆزی کوردیشەوە هەبوە، چونکە لە کۆنگرەی ڕیبات شا حوسێن یەکێک بوە لەو کەسانەی بۆ نێوەندگیری و لەیەک نزیکردنەوەی عێراق و ئێران دەست نیشان کرابو.

لە 8ی کانونی دوەم 1975دا شای ئێران دوای ئەردەن چوە قاهیرە و بەگەرمی پێشوازی لێکرا، (جريدة الاهرام، العدد 32170، 1975/1/8)، پێش هاتنی بۆ میسر شا بەڵێنی ئیعتبارێکی یەک ملیارد دیناری بە میسر دابو، (کۆچێرا، 2003، 418)، عەبدولعەزیز حیجازی(1923-2014) سەرۆک وەزیرانی میسر لە لێدوانێکی بۆ (ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ڕایگەیاند: لە گفتوگۆی نێوان شا و سەرۆک سادات تێگەیشتنێکی تەواو هەبوە، هەروەها دەڵێت لە وتوێژەکەدا دەرکەوت هەردولا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاودەنگی عەرەبی و ئیسلامی و باشترکردنی پەیوەندی نێوان ئێران و دەوڵەتە عەرەبییەکان و نەهێشتنی هەر ناتەبایەکی نێوانیان، (جريدة الاهرام، العدد 32174، 1975/1/12). ناوەرۆکی کۆبونەوەکە لە دوایدا لە لایەن محەمەد حەسەنەین هەیکەل ئاشکرا کرا، کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی نێوان عێراق و ئێرانەوە بوە، (جەلال، 1998، 407)، تەوەری سەرەکی سەردانی شا بۆ هەریەک لە ئەردەن و میسر، پرسی ناکۆکی لەگەڵ عێراق بو، (نەکدیمۆن، 2011،

417)، شا حوسێن داوای لە شای ئێران کردوە، کێشەکانی لەگەڵ عێراق بە ئاشتی چارەسەر بکات، (ئەمین، 1997، 25)، شا هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی هەردو دەوڵەتی داوە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ عێراقدا، (الخزاعي، 2007، 142)، ڕۆژنامەی (النهار)ی لوبنانی لە ژمارەی 10ی ئاداری 1975دا جەخت لەسەر نێوەندگیری سێ قۆڵی (ئەردەن و میسر و سعودیە) دەکاتەوە لە نێوان عێراق و ئێران و کردنەوەی مەلەفی پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران لە سەردانی شا بۆ هەریەک لە عەمان و قاهیرە، (جريدة النهار، العدد 12415، 1975/3/10)، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەردانی شا بۆ ئەو دو وڵاتە پەیوەندی بە پرسی کوردیشەوە بوە.

لە 15ی هەمان مانگدا، کە ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن بانگهێشتنامەیەکی شا حوسێنیان قبوڵ کردوە تا سەردانی عەمان بکەن، (گیبسن، 2019، 434)، ڕۆڵی چاوەڕوان نەکراوی شا حوسێن وەک نێوەندگیرێک لە نێوان عێراق و ئێران ئەگەری لەیەک نزیکبونەوەی هەردولای هێنایە پێشەوە، (گیبسن، 2019، 432)، بەغدا نەرمونیانی لەبارەی ڕێککەوتنەوە نیشاند، (ڕەئیسینەژاد، 2022، 378).

لەو قۆناغە چارەنوس سازەدا کورد هیچ لایەنێکی شک نەدەبرد، جگەلە ئەمەریکا نەبێت لە 16ی کانونی دوەم 1975دا مەلا مستەفا بارزانی نامەیەک بۆ کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەنێرێت، بەڵام وەڵام نادرێتەوە دوای ئەوە داوای ڕێپێدان دەکات بۆ چونە ئەمەریکا و باسکردنی بارودۆخی کورد بۆ ئیدارەی ئەوکات، کیسنجەر وەڵامی داوەتەوە بۆ ڕێ پێدانی داوای لێبوردنی کردوە، کورد نەک هەر بەرامبەر فێڵەکانی کیسنجەر بەڵکو بەرامبەر فێڵەکانی شای ئێرانیش لاوازبوە، شا خۆی دەدزییەوە و کوردی فریوداوە، هانیداون کە لەگەڵ شا حوسێنی ئەردەن و لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی عێراق گفتوگۆ بکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتێک لە دەرەوە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد خێرا وەڵامی شای ئێرانی داوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی بەسەرۆکایەتی موحسین دزەیی ناردە بەیروت، بۆ ئەوەی یەکەم جار کۆبونەوە لەگەڵ هەندێک کەسایەتی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بکەن کە لە پایتەختی لوبنان دادەنیشتن، دواتر شاندەکە چون بۆ ئەردەن، نزیکەی هەفتەیەک لەوێ مانەوە، (الخرسان، 2001، 225؛ ڕاندل، 1997، 214-215)، باڵیۆزی ئێران لە ئەردەن پێشوازی لێکردن، پێی گوتون کە شا حوسێن داوای لێبوردنی کردوە ناتوانێت ئەو شاندە ببینێت، گوایە ئەمرۆ سەفەر بۆ وڵاتێک دەکات، بەڵام جەختی لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی (عەرەب – کورد)ی و ڕوخانی ڕژێمی بەعس کردوەتەوە و شای ئێرانیش بەمە دەزانێت و پێکەوە هاوڕان، بەڵام دواتر دەرکەوت قسەکانی بالیۆزی ئێران ڕاست نەبون، تەنها ویستویەتی کات بکوژێت تا بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق لە جەزائیر، موحسین دزەیی دوایی چەند ساڵێک چاوی بە شا حوسێن دەکەوێت، دەڵێت دڵنیای کردم، کە نە باڵیۆزی ئێرانی دیوە نە گەشتی کردوە، تەنانەت قسەشی لەگەڵ نەکردوە. (دزەیی، 2009، 327).

بارزانی بۆ هەمان مەبەست نێردراوێکی تری بۆ قاهیرە نارد، کە ئەویش نەجیب بابان بو، کاتێک چاوی کەوت بە ئەشرەف مەڕوان لە سەرۆکایەتی کۆمار، ڕاسپاردەی بارزانی پێگەیاند تا بیگەیەنێت بە سادات (کە پرسی کورد وەک ئەمانەتێک دەخاتە بەردەستی سادات)، (الخرسان، 2001، 225)، هەروەها ڕۆژنامەی (النهار)ی لوبنانی لە 11ی ئاداری 1975 ئاماژە بەوەدەکات کە میسر و جەزائیر ڕێگرییان لە هەوڵەکانی شاندێکی کورد کردوە، کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی یارمەتی سەربازی و ناسەربازی بەرەو واشنتۆن دەڕۆیشت، (جريدة النهار، العدد 12417، 1975/3/12). فشارە نێودەوڵەتییەکان و نێوەندگیری عەرەبی وای لە هەردو لایەنی ناکۆک کرد، (الخزاعي، 2007، 142)، کە لە 17-19ی کانونی دوەم وەزیرانی دەرەوەی هەردولا جارێکی تر لە ئەستەنبۆل کۆببنەوە، هەرچەندە جارێکی تر کۆبونەوەکە بێ بەرهەم بوە، بەڵام بڕیاریاندا بەردەوام بن لە کۆبونەوەکانیان لە داهاتودا، (سالم، 2019، 162)، لەگەڵ ئەوەشدا هەردولا لەڕوی بنەمابییەوە لەسەر هێڵە گشتییەکان لێک تێگەیشتن لە نێوانیاندا هەبوە، سەبارەت بە شەتولعەرەب مەرجەکانیان جیاواز بون ئێران دەیەویست عێراق بە خواستەکانی ڕازی بێت، بەرلەوەی پرسی کورد تاوتوێ بکەن، لە کاتێکدا عێراقییەکان پێچەوانەیان دەویست، بە کورتی هەمو ئەوەی پێویست بو لەو قۆناغەدا ڕویدابایە، ئەوەبو یەکێک لە لایەنەکان شلی کردبایە، (گیبسن، 2019، 434).

سەرکردایەتی کورد لەسەرەتای مانگی شوباتی 1975دا، هەستیان بە جموجۆڵێکی دیبلۆماسی عەرەبی کردبو، هەروەها هەستیشیان بە هەوڵ و تەقەلای سۆڤیەت و ئەمەریکاش کردبو، کە خەریکی گۆڕانکارین لە ناوچەکەدا، (جەلال، 1998، 406)، حکومەتی سوریاش لە ڕێگەی سەرکردایەتی حزبی بەعسی هەرێمی عێراق کە لایەنگیری سوریا بون، بە نامەیەک سەرکردایەتی کوردی ئاگارکردبوەوە لە هەوڵەکانی عێراق بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران، لەسەر حیسابی کورد، (سنجاري، 2006، 60). بەڵام سەرکردایەتی کورد هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبون کێشەی نێوان عێراق و ئێران بە ئاسانی و وابەزویی چارەسەر بکرێت، بەڵکو پێیان وابو گەمەیەکی نێوان دەوڵەتانە و تەقەلایەکی بێهودەی عێراقە، (جەلال، 1998، 406). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرکردایەتی کورد نەیتوانی بو، لە گەمە سیاسی و دیبلۆماسیەکان تێبگەن و خوێندنەوەی دروست بۆ سیاسەتی نێوان وڵاتان بکەن.

ئەم هەوڵانە بەردەوام بون بەرەو پێشچونی کارەکە ئەوەندە لەباربو، دەرفەتی بۆ سادات ڕەخساند بەر لە بەستنی کۆنگرەی سەرانی ئۆپێک، کورد لە سازش و ڕێککەوتنی ئایندە ئاگادار بکاتەوە، لە 20ی شوباتی 1975دا باڵیۆزی میسر لە بەیروت، بە نوێنەری بارزانی ڕاگەیاند کە سەرۆک سادات حەز دەکات نوێنەری بارزانی ببینێت، دوای چل و هەشت کاتژمێر سامی عەبدولرەحمان(محمد محمود)(1932-2004)، وەک نوێنەری بارزانی چو بۆ قاهیرە، (کۆچێرا، 2003، 417؛ جەلال، 1998، 406-407) و نامەیەکی لە

بارزانییەوە بۆ سادات برد، لە نامەکەدا نوسرا بو: ئێمە حەز دەکەین ئێوەی عەرەب کەسی تر نا، بکەونە نێوانەوە بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتەی لە نێوان ئێمە و عێراقدا هەیە، ساداتیش گفتی دابو چی پێ بکرێ لەم بارەیەوە بیکات، (وەرگیراوە لە، بارزانی، بەرگی3، ب2، 2004، 168-169).

هەر لە بارەی ڕێککەوتننامەکە و ئاگاداری وڵاتانی عەرەب دەربارەی ڕێککەوتننامەکە، مەحمود عوسمان، دەڵێت: لە دیدارەکەدا سادات بە سامی گوت لە جەزائیر ڕێککەوتنێک لە نێوان عێراق و ئێران دەکرێت، ئەم ڕێککەوتنە پەیوەندی بە پرسی کوردیشەوە دەبێت، ڕێککەوتنە چاوەڕوانکراوەکەی بە باش زانیوە گوتویەتی زیان بە ئێوە ناگەیەنێت و سەدام و شا بەڵێنیان داوە ئازاری ئێوە نەدەن، ئەمەش بۆ لە خشتە بردنی کورد بو نەوەک پێش ڕێککەوتننامەکە شتێک بکەن، (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسایەتی سیاسی د. مەحمود عوسمان، هەولێر، 2022/10/22)، شاندەکە داوای لە سادات کردوە، کە هەژمونی خۆی بەکار بهێنێت بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، لە ئەگەری ڕێککەوتنی عێراق و ئێران، (ئینتیسار، 2004، 264)، هەروەها سادات بە شاندی کوردی گوتوە، لای خۆمەوە لە مافەکانتان دڵنیاتان دەکەمەوە، جگەلەوە دەستی کردوە بە پیاهەڵدانی شا، کە پیاوێکی پایەبەرز و خانەدانە، هەڵوێستیشی بەرامبەر بە کورد هەڵوێستێکی بەرپرسیارانە و خانەدانانەن، (شریف، 2010، 466؛ عیسی، 1992، 236) سادات لە دیدارەکەدا سامی ڕازی کردوە کە میسر نێوەندگیری لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق بکات و داواکاری کورد بگەیەنێتە دەسەڵاتدارانی بەغدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، سادات ئەم کۆبونەوەیەی بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداری شاندی کورد تۆمار کردوە، بۆ شای ئێرانی ناردوە، شا بەم گفتوگۆیە تورە بوە، (الخرسان، 2001، 226؛ ڕاندل، 1997، 214-215)، ژەنەڕاڵ نەسیری دەڵێت: کاتێک شا شریتە تۆمارکراوەکەی ساداتی پێگەیشت بە جۆرێک تورەبو، کە پەلەی کردوە لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق لە جەزائیر، سەرباری هەمو ئەمانە شا جۆرێک لە فشاری لە لایەن سادات و ئەمەریکا و لایەنی تریشی لەسەر بوە، تا دەستبەرداری کورد بێت، هەروەها سەدامیش لای خۆیەوە پێداچونەوە بە سیاسەتی دەرەوەیدا بکات، (ڕاندل، 1997، 224)، دوای دیداری سادات، سامی لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ نوسەر و ڕۆژنامەنوس (محەمەد حەسەنین هەیکەل)دا، بۆ ڕۆژنامەی ئەهرام ڕایگەیاند: گفتوگۆ و ڕێککەوتنی شاو و سەدام هەرچییەک بێت، ئێمە لە کاتی پێویستدا درێژە بە شەڕ دەدەین و خۆمان بەدەستەوە نادەین، (کۆچێرا، 2003، 417؛ نوری بەگ، 2020، 153)، ئەم هەڵسوکەوتەی سادات لەگەڵ شاندی کورد ئەوەمان نیشان دەدات، کە یاری بە پرسی گەلی کورد کردوە.

لە 26ی شوبات ئەشرەف مەڕوان سکرتێری سادات بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە، نامەیەک دەگەیەنێت بە ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆماری عێراق، دوای ئەوە مەڕوان کۆبونەوەیەکی دو کاتژمێری لەگەڵ

سەدام حوسێن دەکات، (جريدة الاهرام، العدد 32220، 1975/2/27)، هەروەها لە 1ی ئازار ئەشرەف مەڕوان نامەیەکی سادات دەگەیەنێت بە شای ئێران، (جريدة الاهرام، العدد 32223، 1975/3/2).

بە پێی زانیاری کاربەدەستانی ئەمەریکا لەتاران لەو دیدارەدا، ئەشرەف مەڕوان ئەو پەیامەی بۆ شا دوبارە کردۆتەوە، کە سەدام حوسێن ئامادەیە عێراق لە تەوەری سۆڤیەت بێنێتە دەرەوە، ئەگەر ئێران فشارە سەربازییەکانی خۆی لەسەر عێراق لابرد، هەروەها مەڕوان ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە دڵنیایە بەوەی سەدام وەک چۆن پێشتر بەلێنیدابو، خەریکە عێراق لە باوەشی سۆڤیەت دەردێنێت، بریان ڕۆبەرت گیبسن دەڵێت: ئەشرەف مەڕوان مۆری لە بەختی کورد داوە، (گیبسن، 2019، 440-441)، بە بڕوای ئێمە نێوەندگیری سادات بەردەوام بوە بۆ ئەم مەبەستەش ئەشرەف مەڕوانی بۆ ئەم کارە ڕاسپاردوە بۆ ئەوەی لەسەر هێڵ بێت لە نێوان هەردولادا، ئەم دیدارەی نێوان مەڕوان و شا پێدەچێت دوا دیداری پێش ڕێککەوتنەکە بێت، چونکە شا دڵنیا بۆتەوە لە نیازی عێراق و هاتنە دەری لە باوەشی سۆڤیەت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە عێراق بە مەرجەکانی تری ئێران ڕازی بوە، ڕەنگە مەرجی دورکەوتنەوەی عێراق لە سۆڤیەت داواکاری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بێت، بۆ ئەوەی عێراق لەبەرەی سۆڤیەت دور بکەوێتەوە، جگەلەمانە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە ئەمەریکیەکان لایەنێکی ترن و داواکاری و مەرجی خۆیان لەو سەودا و مامەڵەیەدا هەبوە.

## تەوەری دوەم: ڕێککەوتننامەی جەزائیر و کاردانەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان:

هەواری بومیدیەن سەرۆک کۆماری جەزائیر پێشنیازی دانوستاندن و چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردو لایەنی کردوە(مستەفا، 2007، 314)، و هەردو لایەنی ڕازی کردوە کە بەشداری بکەن لە کۆبونەوەی ئۆپێک، لە جەزائیر لە (4-6ی ئاداری 1975)دا، (موریس، بلوج، د.س، 127)، لە 2ی ئازار سەدام حوسێن بەسەردانێکی فەرمی دەچێتە لیبیا، بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی لیبیا، لە دوای لیبیاش ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ جەزائیر، (جريدة الاهرام، العدد 32224، 1975/3/3).

لە کاتی گەیشتنی بە جەزائیر فەخری قدوری کە یەکێک لە شاندی یاوەری سەدام بو دەڵێت: هەواری بومیدیەن خۆی لە فڕۆکەخانە پێشوازی لەو سەرۆک و پاشای دەوڵەتانە دەکرد کە یەک لە دوای یەک دەگەیشتن بۆ بەشداریکردن لە لوتکەی دەوڵەتانی ئۆپێک، سەدام لە فڕۆکەکە دابەزی و من شاندی یاوەری بوم، لە هۆڵی پێشوازی مایەوە بە پێچەوانەی سەرۆکی دەوڵەتانی تر کە ڕاستەوخۆ دوای پێشوازی کردن بەرەو شوێنی مانەوەی خۆیان دەڕۆیشتن، پێشتر هەماهەنگی لەگەڵ بۆمیدیەن کرابو، مەرجی ئەوە بو چاوەڕێ بکات تا فڕۆکەی شا دەنیشێتەوە، بەم شێوەیە یەکەم کۆبونەوەی ڕوبەڕوی نێوان سەدام و شا بە ئامادەبونی بومیدیەن بەڕێوەچو، ئەمە جێگای سەرسوڕمانی زۆرێک لە ئەندامانی شاندەکە بو، لە پلانەکانی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و هەڵویستەکانی لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ ئێران، کە لە دۆخی ناکۆکییەوە چو بۆ دانوستان، چونکە تا ئەو ڕێکەوتە عێراق هەڵمەتێکی فراوانی سیاسی و میدیایی لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەکردە سەر ئێران پێیان وابو هەمو هەوڵە نیشتمانی و ناوچەییەکان بێ ئەنجامن بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، کەچی سەدام و شا لە جەزائیر ڕوبەڕو چاویان بە یەک کەوت، (قدوري، 2006، 206)، دیدارەکە نیو کاتژمێر زیاتری نەخەیاند. (محمد، 2006، 80). ئەم دیدارە کورتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێشتر زەمینە سازییەکی باش کراوە، لە نێوان شا و سەدام پاش ئەو هەمو ناکۆکیەی نێوانیان، ئامادەبون یەکتر ببینن.

لە 4ی ئازار لە جەزائیر شای ئێران و سەدام حوسێن بەیەکەوە کۆدەبنەوە، (جريدة الاهرام، العدد 32226، 1975/3/5)، 5ی ئازار هەریەک لە شای ئێران و سەدام حوسێن بە ناوبژیوانی هەواری بومیدیەن سەرۆکی جەزائیر لە کۆشکی گەلان جارێکی تر بەیەکەوە کۆبونەوە، شایەنی باسە هەواری بۆمیدیەن سەرەتا چاوی بە شای ئێران کەوتوە لە شوێنی مانەوەی لە کۆشکی نەتەوەکان دواتر سەدام حوسێن لە سەر بانگهێشتی سەرۆکی جەزائیر هاتۆتە لای شای ئێران، (جريدة الاهرام، العدد 32227، 1975/3/6)، ئەمە درێژترین کۆبونەوە بوە، بۆمیدیەن لە کاتژمێرەکانی سەرەتادا ئامادە بوە، زۆرترین گفتوگۆی تێدا کراوە بە بەراورد بە کۆبونەوەکانی پێشتر، تا کاتژمێر چوار و نیوی بەیانی ڕۆژی 6ی ئاداری خایاندوە، هەمو شتێک بە پێی ئەوەی هەردولا دەیانەویست بەڕێوە چوە، (محمد، 2006، 80).

فەخری قدوری دەڵێت: (گفتوگۆ و کێشمەکێشمی سەدام و شا زۆری خایاند، بەهۆی ئەو وەرگێڕانەی کە بۆمیدیەن لە عەرەبییەوە دەیکرد بۆ فەرەنسی و بە پێچەوانەشەوە، بۆمیدیەن لەبەر چاوی ئەندامانی دیکەی شاندەکە هەستی بە شەرمەزاری کرد، بۆیە دەستی سەدام و شای گرت بردنی بۆ دەرەوەی هۆڵەکە، سەدام و شا لە کورسی پشتەوە و بۆمیدیەن لە تەنیشت شۆفێرەکە دانیشتن، بە ئۆتۆمبێل بەرەو شوێنێکی نادیار ڕۆیشتن ئێمە نەماندەزانی، لەوێ خاڵە هەلپەسێردراوەکان یەکلایی کرانەوە)، (قدوري، 2006، 208). بە بڕوای ئێمە گفتوگۆی زۆر و توند لە نێوان شا و سەدامدا هەبوە بەڵام بۆمیدیەن ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە یەکلایی کردنەوەی خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەردولا و وەلاوەنانی گرژی نێوانیان، بۆیە ئەگەر بۆمیدیەن لە نێوانیان نەبوایە، ڕەنگە وابەئاسانی ڕێکنەکەوتبان یان گفتوگۆیەکان هەر سەری نەگرتبایە.

لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەمەی 6ی ئازار 1975دا، بۆمیدیەن لە دوای تەواو بونی کۆنگرەی لوتکەی دەوڵەتانی ئۆپێک ڕێککەوتنەکەی ڕاگەیاند و گوتی: شا و سەدام حوسێن دوێنێ ئێوارە گەیشتونەتە ڕێککەوتن. لە دوای چوار کۆبونەوە کە دوا کۆبونەوەیان دوێنێ ئێوارە بو، کە پێنج سەعاتی خایاندوە لە

شوێنی مانەوەی بۆمیدیەن و بە ئامادەبونی ئەو، (جريدة الاهرام، العدد 32228، 1975/3/7 ؛ جريدة النهار، العدد 12412، 1975/3/7).

کاتێک بۆمیدیەن هەواڵەکەی ڕاگەیاند ئامادەبوان دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و سەدام کورسییەکەی بە جێهێشت بۆ تەوقەکردن لەگەڵ شا، (قدوري، 2006، 208)، باوەشیان بەیەکداکرد و سوپاسی سەرۆکی جەزائیریان کرد، (علم، 1371ش، 663)، دوای ڕێککەوتنیش شا و سەدام ڕک وکینەیان هەر هەبوە، ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەگەر ناوبژیوانییەکی گەورە لە نێوانیان نەبوایە وابەئاسانی نەدەگەیشتن بە ڕێککەوتن، یان بە بڕوای ئێمە ئەگەر پرسی کورد لە نێوانیان نەبوایە هەرگیز نەیاندەتوانی ناکۆکیەکانیان بە ئاسانی چارەسەر بکەن.

بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە بڕیاردراوە کە لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە وەزیرانی دەرەوەی عێراق سەعدون حەمادی، ئێران عەباس عەلی خەلعەتبەری، جەزائیر عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە پێکبهێنرێت، (محمد، 2006، 83)، لە 15ی ئازار یەکەم کۆبونەوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە لە تاران ئەنجام درا، (جريدة الاتحاد، العدد 86-31، 1975/3/11؛ جريدة الرأی، العدد 1297، 1975/3/7) و بۆتەفلیقە وەزیری دەرەوەی جەزائیر سەرۆکایەتی کۆبونەوەکە دەکات، ئەمەش وەک داننان بە ڕۆڵی کاریگەری سەرۆکی جەزائیر لەو نێوەندگیریەدا لە ئاشتەوایی نێوان عێراق و ئێران، (جريدة الاتحاد، العدد 86-31، 1975/3/11).

لە 26ی ئازار بڵاوکراوەیەک لە لایەن هەردو دەوڵەتی عێراق و ئێران بڵاوکرایەوە کە بەناوی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ناسراوە، بریتی بو لە چوار خاڵی سەرەکی:

1- دیاریکردنی سنوری وشکانی لەسەر بنچینەی پرۆتۆکۆلی قوستەنتینیەی ساڵی 1913 و کۆنوسی لیژنەی دیاریکردنی سنوری ساڵی 1914.
2- دیاریکردنی سنورە ئاوییەکانیان لەسەر بنەمای تالوگ.
3- گەڕاندنەوەی ئاسایش و متمانە بۆ یەکتری بە درێژایی سنورە هاوبەشەکانیان و هەردولا پابەند دەبن بە چاودێری توند و کاریگەر لەسەر سنورە هاوبەشەکانیان، بە مەبەستی کۆتایهێنان بە هەمو دزەکردنێکی تێکدەرانەی لەو شوێنەی لێی هاتون.
4- هەردولا ڕێککەوتون کە بڕیارەکانی سەرەوە لێک جیاناکرێنەوە و بۆ چارەسەرییەکی گشتییە و پێشێلکردنی هەر یەکێکیان ناگونجێ لەگەڵ گیانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، هەردولا لە پەیوەندی بەردەوام دەبن لەگەڵ سەرۆک بومیدیەن و لەکاتی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان، کۆششی برایانە ئەنجام دەدەن. لە بەیاننامەی کۆتایی هەردولادا هاتوە کە بڕیاریانداوە پەیوەندی دێرینی

دراوسێیەتی و دۆستایەتی بەرقەرار بکەن و هەر هۆکارێکی نەرێنی کە دێتە پێش بە گفتوگۆ لەسەر ڕێگەی خۆیان لادەدەن، هەردولا بە فەرمی ڕای دەگەیەنن، کە ناوچەکە دەبێ دوربێت لە هەر دەستێوەردانێکی بیانی و وەزیرانی دەرەوەی هەردولا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی جەزائیر لە 15ی ئاداری 1975 لە تاران کۆدەبنەوە (وزارة الخارجية العراقية، النزاع العربي الايراني، 89، 1981، 314-315؛ جريدة الرأي العام، العدد 4084، 1975/3/7؛ جريدة النهار، العدد 12412، 1975/3/7) و سوپاس و پێزانینێکی گەرمیان بۆ هەواری بۆمیدیەن دەربڕی کە کاری کردوە بۆ دروست کردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەرکردەکانی هەردو وڵاتدا و بەشدارییان کرد لە دروستکردنی سەردەمێکی نوێ و بەرژەوەندی باڵا لە نێوان هەردو وڵاتدا، هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە شای ئێران سەدام بە دەست پێشخەری و بە ئامادەبونی سەرۆک بۆمیدیەن چەند جارێک کۆبونەتەوە، کۆبونەوەکان بە ڕاشکاوانە و بە ئیرادەیەکی پاکی هەردولا بەڕێوەچون بۆ گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی بۆ هەمو کێشەکانی نێوانیان، (جريدة الرأي العام، العدد 4084، 1975/3/7؛ شیسمەن، ئیبراهیم، 2012، 355-356). هەروەها لە لایەن خۆیەوە شا ڕایگەیاند کە ئێمە دو وڵاتی دراوسێ و موسڵمانین، پێویستە لەسەرمان ناکۆکییەکانی نێوانمان کە ساڵانێکە ڕوبەڕومان بۆتەوە چارسەر بکەین، خۆشحاڵی خۆی بەم بۆنەیەوە دیداری بۆمیدیەن دەربڕی و ڕایگەیاند کە خاڵی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ دەبێت لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و جەزائیر، (جريدة الرأي العام، العدد 4085، 1975/3/8).

ڕێککەوتننامەی جەزائیر کاردانەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی لێکەوتەوە، هەواری بۆمیدیەن لە سەروی هەمویانەوە بە ڕوداوێکی مێژوی و گرنگی وەسف کرد، نەک تەنها لە پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران بەڵکو لە تەواوی ناوچەکە و باوەڕی وابو کاریگەری ئەو ڕێککەوتنە سنوری نێوان عێراق و ئێران، بەرەو سنوری وڵاتانی تری عەرەبی دەبڕێت، (محمد، 2006، 119)، مەحمود ڕیاز ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی پێشوازی لەم ڕێککەوتنە کرد و ڕایگەیاند: (گومانی تێدانییە هەمومان پێشوازی لە کۆتایی هاتنی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەکەین، بۆ ئێمە گرنگە کە نەتەوەی عەرەب خۆی تەرخان بکات بۆ بنیاتنانەوە و هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی سەرەکی و بەرەنگاربونەوەی دوژمن)، (جريدة الرأي العام، العدد 4085، 1975/3/8)، لەلایەکی ترەوە تونس بۆچونی خۆی خستەڕو خۆشحاڵ بوە بەم هەنگاوە و ڕایگەیاند: کە خزمەت بە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە سەروەری یەکتری، (جريدة الرأى، العدد 1300، 1975/3/10).

شێخ زاید سوڵتان(1918–2004) سەرۆکی دەوڵەتی ئیماڕاتی عەرەبی یەکگرتو پێشوازی لەو ئاشتەواییە کرد، کە لە لوتکەی وڵاتانی ئۆپێک لە جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێران ڕویداوە، (جريدة الصباح، العدد،85، 1975/3/8؛ جريدة الدستور، العدد 2734، 1975/3/8)، هەروەها شا حەسەنی دوەم پاشای مەغریب، بەم بۆنەیەوە پەیامێکی ئاڕاستەی هەریەک لە شای ئێران و ئەحمەد حەسەن بەکر کرد، (جريدة الدستور، العدد 2734، 1975/3/8)، شێخ خەلیفە حمد(1932–2016) ئەمیری دەوڵەتی قەتەر پێشوازی لە ڕێککەوتننامەکە کردوە، جەختی لە پێویستی یەکخستنی ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان کردوەتەوە، (محمد، 2006، 119)، عەبدولعەزیز حوسێن(1920–1996) وەزیری دەوڵەت لە حکومەتی کوێت لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی (الرأى العام)ی کوێتی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ڕایگەیاند، کە ئەوان پێشوازی لە هەر ڕێککەوتننامەیەک دەکەن کە ببێتە هۆی سەقامگیری زیاتری ناوچەکە، هیوادارین ڕێککەوتننامەکان ڕەنگدانەوەی هاوکاری زیاتربن لە ناوچەکە بە تایبەت لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبی، (جريدة الرأي العام، العدد 4085، 1975/3/8)، هەروەها سوڵتان قابوس (1940–2020) سوڵتانی عومان پێشبینی کرد، کە ڕێککەوتنەکە کاریگەری بەرچاوی لەسەر وڵاتانی کەنداو هەبێت، (محمد، 2006، 119). خۆشحاڵی دەوڵەتانی کەنداو لەوە سەرچاوەی گرتبو، ترسیان لەو بۆشاییە هەبو، کە لە دوای کشانەوەی بەریتانیا لە ساڵی 1971 لە ناوچەکە دروست ببو، وەک چۆن لە دوای کشانەوەی بەریتانیا ئێران هەرسێ دورگەی ئیماراتی عەرەبی (ئەبو موسا، تونبی گەورە و تونبی بچوکی) داگیرکرد، هەروەها ئەو دەوڵەتانە ڕوبەری زەوییان بچوک بو، لە ڕوی مرۆیی و سەربازیشەوە لاوازبون و ترسیان لە هێرشی یەکێک لە دەوڵەتە گەورەکانی کەنداو هەبو. (متى، 1993، 157–159)، بۆیە ئاسایی بو، کە دەوڵەتانی کەنداو پشتگیری ئەو ڕێککەوتننامەیە بکەن، چەنکە لە ئەگەری هەڵگیرسانی ئەو شەڕ لە نێوان عێراق و ئێران، ترسیان لە بەرکەوتنی پریشکی ئەو شەڕە بۆ وڵاتەکانیان هەبو، بۆیە بونی ئاشتی لە ناوچەکەدا لای ئەوان باشترین بژاردە بو.

هەر بەم بۆنەیەوە دەستەی گشتی کۆنگرەی ئیسلامی بەیت ئەلمەقدیس، بەیاننامەیەکی دەرکرد: وێڕای ئەوەی ڕێککەوتننامەکەی بە هەنگاوێکی سەرکەوتو دانا، لە هەمان کات بە لادانی کۆسپێکی گرنگیان لە بەرامبەر هاوکاری هەمە لایەنەی ئێران و عەرەب لە دژی داگیرکاری زایۆنی دانا، هەروەها کامل شەریف بەرپرسی نوسینگەی کارگێڕی کۆنگرەکە بە نوێنەرایەتی دەستەی کۆنگرە، بروسکەی پیرۆزبایی ئاڕاستەی هەریەک لە شای ئێران و ئەحمەد حەسەن بەکر کرد و پیرۆزبایی و پێخۆشحاڵی خۆیانی پێ ڕاگەیاندن، هیوای خواستوە کە سەرەتاییەکی نوێ بێت بۆ هاودەنگی ئیسلامی و لە ناوبردنی پیلانگێڕی زایۆنی، (جريدة الصباح، العدد 486، 1975/3/9؛ جريدة الدستور، العدد 2735، 1975/3/9)، هەروەها کۆماری یەمەنی عەرەبی لە باکور پێشوازی لە ڕێککەوتننامەکە کردوە، بەمەبستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بە

ئاشتی، عەبدوللا ئەلئەسنەج (1926–2014) وەزیری دەرەوەی کۆماری یەمەنی عەرەبی ڕایگەیاند: یەمەن پیرۆزبایی لە ڕێککەوتننامەی عێراق و ئێران دەکات و بە پاڵپشتی دادەنێت بۆ هاودەنگی ئیسلامی، ئەمە لە کاتێکدایە کە موسڵمانان پێویستیان بە هاودەنگییە لە جیهانێکی پێشکەوتودا، (جريدة الدستور، العدد 2736، 1975/3/10؛ جريدة الصباح، العدد 487، 1975/3/10).

لیبیا سەرسوڕمانی خۆی لە ڕێککەوتننامەکە دەربڕیوە، لە تەڕابلوس ڕۆژنامەی (الفجر الجديد) لە وتارێکیدا ڕایگەیاند کە نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمانی زۆر لە سەر ڕێککەوتننامەکە هەیە، لە سەروی هەمویانەوە کاتی ڕێککەوتننامەکەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ململانێ لە سەر بونی عەرەب و لەشکر کێشی ئێران بۆ کەنداوی عەرەبی چڕتر دەبێتەوە، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کردوە، کە مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکە ئەوەیە خاوەندارێتی شەتل عەرەب دەبێتە هاوبەشی لە نێوان عێراق و ئێران، لە بەرامبەریشدا ئێران لە خاکی عێراقی کە داگیری کردوە دەکشێتەوە و لەگەڵ بڕینی هاوکارییە سەربازی و مادییەکان بۆ کورد، هەروەها لە کۆتاییدا دەڵێت ئێمە دەست لە کاروباری عێراق وەرنادەین، بەڵام ئومێد دەکەین بەرهەمی ئەم ڕێککەوتنە لە ئاڵوگۆڕی خاکی عەرەبی عێراقی بە خاکی عەرەبی عێراقی نەبێت، عێراق نەتەوەی عەرەب لە سروشتی هەڕەشەی ئێران لە مەترسی لە سەر خاکەکەی و خاکی تری عەرەبی ئاگادار دەکاتەوە. (جريدة الرأي العام، العدد 4088، 1975/3/11).

بەوهۆیەوە پەیوەندییەکانی نێوان لیبیا و عێراق پاشەکشەی کرد و لیبیا ترسی لە فراوانخوازی ئێران هەبو لە کەنداوی عەرەب، (البخاتي، 2022، 55). لەبەرئەوەی لەدوای کشانەوەی بەریتانیا ئێران ڕۆڵی پۆلیسی دەگێڕا وەک شوێنگرەوەی بەریتانیا لە ناوچەکە، هەروەها دوای داگیرکردنی سێ دورگەکەی ئیماراتی عەرەبی لە ساڵی 1971، لیبیا بە توندیناڕەزایەتی دژی داگیرکارییەکە دەربڕی و ناردنی هێز بۆ عومان لە ساڵی 1973 بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی زەفار*، پەیوەندی بەهێزی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، العيدروس، 1998، 291–301) دەکرێت بڵێین هەمو ئەمانە و هۆکاری تریش بونە هۆی ئەوەی لیبیا دژایەتی ڕێککەوتنامەکە بکات و ترسی لە هەژمون و فراوانخوازی ئێران لە کەنداوی عەرەبی زیاتربێت، بۆیە ئەم ڕێککەوتنەی بە دەستبەرداربون لە خاکی عەرەبی دەزانی لە لایەن دەسەڵاتدارنی بەعس.

ئەنوەر ساداتیش بەم بۆنەیەوە بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر ناردوە، (جريدة الرأي العام، العدد 4090، 1975/3/13)، لە 12ی ئاداریش شێخ سەباح ئەحمەد(1929–2020) وەزیری دەرەوەی کوێت خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر ڕێککەوتنەکە ڕاگەیاند و گوتی: کوێت دڵخۆشە بە هەمو شتێک کە ئاسایش و ئارامی لە نێوان دراوسێکانی و خەڵکی ناوچەکە جێگیر بکات، (جريدة الرأي العام، العدد 4090،

1975/3/13)، شایەنی باسە شێخ جابر جێگری سەرۆک وەزیرانی کویت نیگەرانی خۆی نەشاردەوە کاتێک لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی، جێگای سەرسوڕمانە سەدام نیوەی ئاوی شەتل عەرەب ئەدات بە ئێران کەچی نیوەکەی تری دەڕژێتە دەریا و ناهێڵێت ئێمە سودی لێببینین، (محمد، 2006، 120)، خۆشحاڵی کوێتییەکان جگە لە مەسەلەی عروبایەتی لەوە سەرچاوەی گرتبو، بە هیوابون عێراق کێشە سنورییەکانی لەگەڵ کوێتیش چارەسەر بکات، لەبەرئەوە ئەوان لە لایەک خۆشحاڵیان دەردەبڕی و لەلایەکی تر بەرپرسان و ڕۆژنامەکانی کوێت، ڕەخنەیان لە عێراق دەگرت کە کێشە سنورییەکانیان لەگەڵ ئێران چارەسەردەکەن و ئامادەن سازش لە سەر خاکەکەیان بکەن بەڵام ئامادەنین کێشەی سنور لەگەڵ کوێت یەکلایی بکەنەوە.

سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد بە پیلانێکی نهێنی ئیمپریالیزمی وەسف کرد، پێی وابو ئەم ڕێککەوتننامەیە بریتییە لە بەدەستەوەدانی خاکی عەرەب(عەرەبستان)، بەدەستێکی بیانی و خیانەت لە شۆڕش، سوریا بە خراپترین و ناشرینترین شێوە هێرشی کردە سەر عێراق، هەروەها ڕۆژنامەی بەعسی سوریا بە داگیرکارییەکی نارەوای چواند. (سالم، 2019، 186–187؛ نەکدیمۆن، 2011، 403)، لە ڕوی کردارییەوە ڕێککەوتننامەکە هەڕەشەیەکی بۆ سەر سوریا دروست دەکرد، چونکە ئاسانکاری بۆ بەهێزکردنی لایەنی سەربازی عێراق دەکرد، (بینغیو، 2014، 202)، لە لایەکی تر سوریا دەیزانی ئامانجە سەرەکیەکەی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەوەیە عێراق دەست بەتاڵ بکرێ بۆ ڕوبەڕو بونەوەی سوریا و دروستکردنی گێچەڵ و سەرئێشە بۆی، چونکە سوریا و عێراق کەمەڵێک کێشە لە نێوانیان هەبو، لە سەروویانەوە کێشە ساسیی و (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، شۆڕش، 2002، 35–38) ئایدۆلۆژییەکان (بڕوانە، تریپ، 2002، 275–276) و دواتر هەوڵی ڕوخانی حکومەتی بەعسی سوریا بدات، (بارزاني، 2011، 579)، بەمەش ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و سوریا دەستی پێکردەوە (نەکدیمۆن، 2011، 403) و دوابەدوای ڕێککەوتننامەکە سوریا کەوتە کەمکردنەوەی ئاوی ڕوباری فورات و بەمەش کێشەی ئاویش لە نێوانیاندا سەریهەڵدایەوە، (جريدة النهار، العدد 12485، 1975/3/22).

دوای واژوکردنی ڕێککەوتننامەکە تاڵەبانی کە ئەوکات لە سوریا دادەنیشت، نامەیەک لە ڕێگای عومەر دەبابە بۆ بارزانی دەنێرێت، دەڵێت بەڵێنم لە سوریا و لیبیا وەرگرتوە ئامادەن بە چەک و بە پارە تەنانەت زیاتر لەو یارمەتییەی ئێران، کە دەیدا بە شۆڕش ئامادەن هاوکاریمان بکەن، تاڵەبانی دەڵێت: وەڵامیان نەبو بۆیە نامەیەکی ترم بە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد نارد بەڵام کاتێک نامەکە گەیشتە دەستیان هەمو شتێک تەواو ببو. (ڕەشید، 2019، 411–412).

لە 11ی ئازار باڵیۆزەکانی عێراق و ئێران لە جەزائیر لە وەزارەتی دەرەوەی جەزائیر، بە سەرپەرشتی عەبدولمەلیک حەلایە سکرتێری گشتی وەزارەتی دەرەوەی جەزائیر کۆبونەوە، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر و تاوتوێکردنی کۆبونەوەی 15ی ئاداری کە بڕیار وابو لە تاران بکرێت، (جريدة الصباح، العدد 490، 1975/3/13). لە 14ی ئادار بۆتەفلیقە وەزیری دەرەوەی جەزائیر بەمەبەستی کۆبونەوەی 15ی ئادار بەرەو تاران بەڕێدەکەوێت سەرەتا دەچێت بۆ سوریا دوای ئەوە دەچێت بۆ ئێران، (جريدة الصباح، العدد 491، 1975/3/15)، ئێمە سەردانی بۆتەفلیقە بۆ سوریا بە مەبەستی ڕازیکردنی سوریا بەدور نازانین، چونکە سوریا تاکە وڵاتی عەرەبی بو کە بەتوندی ناڕەزایەتی دژی ڕێککەوتننامەکە پیشاندا.

ئەشرەف مەڕوان لە 15ی ئادار، دەچێتە سعودیە و نامەیەکی سادات دەگەیەنێت بە شا فەیسەڵ(1906-1975) شای سعودیە، (جريدة الرأي العام، العدد 4094، 1975/3/17). دوای سعودیە مەڕوان نامەی سادات دەگەیەنێت بە هەریەک لە ئەحمەد حەسەن بەکر و شای ئێران، (جريدة الاهرام، العدد 32237، 1975/3/16)، هەرچەندە ناوەرۆکی نامەکان ئاشکرا نەکراوە، بەڵام ئێمە بەدوری نازانین ئەو گەشتەی مەڕوان پەیوەندی بە کورد و ڕێککەوتننامەی جەزائیرەوە نەبێت، چونکە ئەم گەشتە لە سەروبەندی کۆبونەوەی 15ی ئاداری تاران بو، پێشتریش سادات ڕۆڵی دیاری لە نێوەندگیری عێراق وئێران هەبو.

لە 15ی ئاداری 1975دا وەزیرەکانی کاروباری دەرەوەی عێراق و ئێران و جەزائیر (سەعدون حەمادی و عەباس عەلی خەلعەتبەری و عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە)، لە تاران کۆبونەوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، (جريدة الرأي، العدد 1306، 1975/3/16)، لە 17ی ئادار دوای کۆبونەوەکانیان بە تەواوی گەیشتنە ڕێککەوتن و (پرۆتۆکۆڵی تاران)یان واژوکرد کە بڕیاردرا سێ لیژنەی تێکەڵاو (عێراق – ئێران – جەزائیر) پێکبهێنرێت، بۆ سەرپەرشتی کردن و دیاری کردنی سنوری وشکانی و ئاوی نێوان عێراق و ئێران، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، محمد، 2006، 83-84)، بە درێژایی هێڵی تالوگ و دانانی بنکەی چاودێریکردنی سنور بە درێژایی سنوری نێوان هەردو وڵات، هەرسێ وەزیر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بەیاننامەیەکییان دەرکرد و عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و ڕایگەیاند لە گفتوگۆکانی نێوان هەردولادا لێک نزیک بونەوەی زۆر هەبوە، لە هەمان کات داوای لە لیژنەکان کرد کە بەکارەکانی خۆیان هەڵبستن بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ کۆبونەوەی داهاتو، هەروەها وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند کە وەزیری دەرەوەی جەزائیر تا دو مانگی داهاتو لەگەڵ لیژنەکان لەسەر خەت دەبێت بەمەبەستی لادانی هەر کێشەیەک گەر بێتە بەردەم کارەکانی لیژنەکان، (جريدة الدستور، العدد 2744، 1975/3/18؛ جريدة الرأی، العدد 1308، 1975/3/18).

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئەهرام گفتوگۆکان وائاسان نەبون بەڵکو تا درەنگانی شەو بەردەوام بوە، مشتومڕی زۆر هەبوە لە نێوانیان، بەڵام بۆتەفلیقە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی دیوە، لە گەیاندنی هەردولا بەیەکتر و نەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوانیان، تەنانەت سەرچاوەیەکی ئێرانی بۆ ڕۆژنامەی ئەهرام جەخت دەکاتەوە کە جەزائیرییەکان ڕۆڵێکی دیارییان لە بەرەو پێشبردنی گفتوگۆگان بینیوە، (جريدة الاهرام، العدد 22239، 1975/3/18)، بەرپرسێکی عێراقی دەڵێت جەزائیرییەکان تەنها ڕۆڵی نێوەندگیریان نەدیوە، بەڵکو ئەرکەکەیان لەوە زیاتر بوە، هەڵساون بە پێدانی ڕاوێژی یاسایی و سەربازی و سیاسی، (جريدة النهار، العدد 12423، 1975/3/18)، جەزائیر 50 ئەفسەری خۆی داوە بە هەرسێ لیژنەکە بۆ چاودێری کردن و سەرپەرشتیکردنی دیاریکردنی سنور(جەلال، 1998، 413؛ کۆچێرا، 2003، 425).

لە 19ی ئادار قەیس عەبدولمنعم ئەلزواوی(1935–1995) وەزیری دەوڵەتی عومان بۆ کاروباری دەرەوە، ڕەتی کردەوە کە ئێران هێزەکانی خۆی لە عومان بکشێنێتەوە وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق، هەروەها ئەلزواوی ڕایگەیاند پێویستە بۆ هەموان ڕون بێت، کە هێزەکانی ئێران یارمەتی عومانیان داوە لە سەرکەوتن بەسەر شۆڕشی چەپەکان، کە یەمەن پاڵپشتی دەکردن، ئەو هێزانە لەسەر داوای حکومەتی عومان لێرەن، هەر داواکارییەک بۆ کشانەوەی ئەو هێزانە، بەهۆی کاریگەری هیچ وڵاتێکی دیکەی عەرەبییەوە نابێت، تا حوکومەتی عومان هەست بکات کە بونی ئەو هێزانە پێویستن لێرە دەمێننەوە، سەرەڕای بونی هێزی ئەردەن و هێزی تر، (جريدة النهار، العدد 12425، 1975/3/20). بە بڕوای ئێمە کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە عومان دەکرێت خاڵێکی نهێنی ناو ڕێککەوتننامەی جەزائیر بو بێت، جا چ داواکاری عێراق یان دەوڵەتانی تری عەرەبی بێت، چونکە عێراق یەکێک بو لەو دەوڵەتانەی هاوکاری شۆڕشی زەفاری دەکرد لە دژی عومان.

لە 21ی ئادار شا حوسێنی ئەردەن نامەیەک لە ڕێگای باڵیۆزی ئێران لە عەمان بۆ شای ئێران دەنێرێت، لیستێک ناوی چەند ناسیۆنالیستێکی کوردی تێدابو، گوایە بەنیازی پیلانێکن دژ بە ژیانی شای ئێران(علم، 1371ش، 667؛ نەکدیمۆن، 2011، 404). ئەوە ئەوەمان نیشان دەدات کە شا حوسێنی ئەردەن دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیریش، هێشتا بەشێک بوە لەو سیاسەت و پیلانگیریەی دژی کورد لە ئارادابوە.

لە 19–20ی نیسان وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ دەوڵەت، عێراق و ئێران و جەزائیر لە بەغدا کۆبونەوە، بۆ بە دواداچونی کاری سێ لیژنەکە و دانانی میکانزمێکی هونەری بۆ دەستنیشانکردنی هێڵی سنوری وشکانی و ئاوی نێوان عێراق و ئێران، (محمد، 2006، 84؛ عەبدولقادر، 2008، 222)، کۆبونەوەی چوارەمی وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ دەوڵەت لە 18–20 ئایاری 1975 لە جەزائیر بەڕێوەچوە، یەکەم نەخشە و وێنەی سنوری نێوان هەردولا دیاریکراوە، لیژنەیەکی هونەری نوێیان پێکهێناوە بۆ ئامادەکردنی

بەڵگەنامەکانی کۆتایی لە شێوەی پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵەکان کە دەبێتە کۆتا کاری لیژنەی سێ قۆڵی، (جريدة الاهرام، العدد 32303، 1975/5/21؛ جريدة العرب(قطر)، العدد 476، 1975/5/20؛ محمد، 2006، 84)، بۆتەفلیقە ڕایگەیاند دارشتنی پەیمانەکە سێ هەفتەی دەوێت و دواتریش لە بەغدا واژوی لەسەر دەکرێت، (جريدة الرأي، العدد 1371، 1975/5/21؛ جريدة النهار، العدد 12484، 1975/5/21).

شێخ حەمەد عیسا ئال خەلیفە جێنشینی بەحرێن و شێخ محەمەد موبارەک ئال خەلیفە وەزیری دەرەوەی بەحرێن لە 21ی حوزەیران بە سەردانێک گەیشتنە بەغدا، وەزیری دەرەوەی بەحرێن سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و ئێران لەبەردەم ڕاگەیاندنەکان، ڕایگەیاند پێشوازی لەو هەنگاوە دەکەن و ڕێککەوتننامەکە سەردەمێکی نوێی بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردو دەوڵەتی سەرەکی کەنداو و ناوچەکە و جۆرێک لە ئاسودەیی دەرونی بەخشی، بوە هۆی لابردنی کابوسی سەر ناوچەکە و سەرکردایەتی هەردو وڵات ئازایانە ناکۆکییەکانیان وەلانا و ئەمەش تەنها لەبەرژەوەندی ئەوان نەبو، بەڵکو لە بەرژەوەندی گشتی هەمو ناوچەکە بو، (جريدة النهار، العدد 12485، 1975/5/22).

لە 13ی حوزەیرانی 1975دا ڕێککەوتنی کۆتایی سنوری و دراوسێیەتی نێوان عێراق و ئێران واژوکرا، عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە لە هەمو کۆبونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران وەک نێوەندگیر بەشداربوە، (جريدة الدستور، العدد 2831، 1975/6/14)، بۆتەفلیقە لە کاتی واژو کردنی ڕێککەوتننامەکەدا، ڕایگەیاند کە 6ی ئادار مێژوی سیاسی نێوان عێراق و ئێران دەگۆڕێت و لاپەڕەیەکی نوێ دەست پێدەکات و جەزائیریش ئەو شەرەفەی بەرکەوت، کە بەشداری بکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی کێشەکان، لە کۆتاییدا سڵاوی لە هەمو ئەو دڵسۆزانە کرد لەلایەنی عێراقی و جەزائیری بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنەکە، (جريدة الانوار، العدد 5243، 1975/6/15). ئەم ڕێککەوتننامەیە یەک پێشەکی و 8 مادده و یەک پاشکۆ و 3 پرۆتۆکۆلی لە خۆگرتبو، (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەقی ڕێککەوتننامەی 13ی حوزەیرانی 1975 و پرۆتۆکۆڵەکانی بڕوانە، وزارة الخارجية العراقية، النزاع العربي الايراني، 89، 1981، 317–333).

بەم بۆنەیەوە لە 16ی حوزەیران شای ئێران بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی هەریەک لە ئەحمەد حەسەن بەکر و هەواری بۆمیدیەن کرد، لە بروسکەکەیدا بۆ بۆمیدیەن سوپاسی هەوڵەکانی کرد و هەروەها سوپاسی هەوڵەکانی بۆتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی جەزائیری کرد کە لە قۆناغەکانی دانوستاندنەکان لە نێوان عێراق و ئێران دای، (جريدة الدستور، العدد 2833، 1975/6/16).

هەوڵ و تەقەلای هەریەک لەم وڵاتانە بۆ ئاشتکردنەوەی عێراق و ئێران، مەبەستێکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەبوە، کە هەریەک لە دیدی خۆیەوە پێی وابوە بەرژەوەندییەکانی بەو جۆرە سەردەگرێت، کە عێراق و ئێران یەک بخەنەوە و شۆڕشی کوردیش لەباربەرن، (جەلال، 1998، 407). لە ڕاستیدا هەڵوێستی

میسر بێ مەبەست نەبو، مەبەستی سادات ڕون بو، لەوە سەرچاوەی دەگرت کە نائارامی بارودۆخی ناوخۆی عێراق لە ڕوی ستراتیژییەوە لە بەرژەوەندیدا نەبو، چونکە نەیدەویست سوپای عێراق بە شەڕی ناوخۆوە خەریک بێت و بەرەیەکی تری شەڕ لە خۆیان بکەنەوە، لە کاتێکدا پرسێکی گەورەتر سەرجەم وڵاتانی عەرەبی بە خۆیەوە خەریک کردبو، ئەویش شەڕی دژ بە ئیسرائیل بو ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە میسر لەم ناوبژیوانی کردنەدا یارمەتییەکی لە نەوتی ئێران مسۆگەر کرد، (مستەفا، 2007، 314؛ کۆچێرا، 2003، 417).

کیسنجەر لە هەوڵی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرئیل دابو، بۆیە دەیویست بە هەرنرخێک بێت ئەمە سەربگرێت، بەڵام لە لایەن سوریاوە دژایەتی دەکرا و عێراقیش یەکێک بو لەو دەوڵەتانەی بە هەمان مەبەست هێرشی دەکردە سەر میسر، بۆیە کیسنجەر پێیوابو، ئەگەر سادات یارمەتی عێراق بدات لە ڕزگاربون لە (دڕک)ی کورد، ئەوا بەغدا واز لە هێرشکردنە سەر سیاسەتی ئاشتی سادات دێنێت، ساداتیش بۆ ئەم مەبەستە کەوتە هەوڵی نێوبژیوانی عێراق و ئێران. (عوني، 1993، 95). دەکرێت ئەمە هۆکارێک بێت و ساداتی هاندابێت، بۆ ئاشت کردنەوەی عێراق لەگەڵ ئێران.

بۆیە ئەنوەر سادات پێی وابو بەو هەوڵە دەتوانێت شک و گومان لەسەر خۆی لابدات، لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەریکادا، کە لە لایەن هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەگشتی بە چاوی تاوان و لەباربەری شۆڕشی فەلەستینیەکانەوە سەیری ساداتیان دەکرد. (جەلال، 1998، 407).

دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی لە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیردا، دەڵێت: ئامانجی میسر لەو ڕێککەوتننامەیە ئەوەبو، هەوڵی زیاتر بدات بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران و بەغدا، چونکە سادات زۆر پشتی بە هاوکارییە ئابورییەکانی هەردو وڵات و بەتایبەتیش ئێران بەستبو. (بارزاني، 2011، 579)، هەروەها حکومەتی عێراق ئاسانکاری کرد، بۆ نیشتەجێکردنی ملیۆنێک هاوڵاتی میسری لە عێراق بۆ کارکردن، ئەمەش بارگرانییەکانی ئابوری میسری کەم دەکردەوە، (بارزاني، 2011، 491)، ڕۆژنامەی ئەهرام، لە 8ی ئادار واتە دوای دو ڕۆژ لە واژوکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ڕێککەوتنێکی نێوان حکومەتی عێراق و میسری بڵاوکردەوە، لە سەر کۆچکردنی جوتیارانی میسر بۆ عێراق، بەپێی ڕێککەوتننامەکە وەجبەی یەکەم 500 خێزانی لە خۆدەگرێت، بەو پێیە هەر جوتیارێک بچێت بۆ عێراق 20 دۆنم زەوی کشتوکاڵی پێدەدرێت، لەگەڵ پێدانی خانو و مەڕومالات بەخۆڕایی و دابینکردنی ئامێر و پێداویستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ. (جريدة الاهرام، عدد32230، 1975/3/9)، شایەنی باسە تەنها لە مانگی شوبات و ئاداری 1975دا، زیاتر لە پێنج ڕێککەوتننامەی جۆراوجۆر لە نێوان میسر و عێراق واژوکراون کە زۆربەیان لە بواری ئابوری بون. ( العراق وقائع وأحداث، 2011، 319-321). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە هۆکاری ئابوری نزیکترین و بەهێزترین هۆکارە لە پاڵ هۆکارەکانی تر، کە پاڵی بە ساداتەوە نابێت بۆ ئەو نێوەندگیرییە، بۆ ڕزگاربون و سوک کردنی بارگرانی ئابوری وڵاتەکەی.

ئەگەر باس لە کاریگەری نێوەندگیری عەرەب بکرێت لە نێوان عێراق و ئێراندا، ئەوا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی بەرچاوی جەزائیر بکرێت لەم نێوەندگیریەدا، هەر لەوەدانا کە توانیویەتی سەدام و شا بەیەکەوە کۆبکاتەوە و ڕوبەڕو بە یەکتریان بگەیەنێت، بەڵکو لەسەر تەواوکردنی ئەو پرۆژەیەی نێوان نوێنەرانی عێراق و ئێران، کە لە کۆنگرەی ئەستەنبۆل باسی لێوەکرابو، جەزائیر سێیەم لایەن بو، کە ڕۆڵی شایەتحاڵ و چاودێریکردن وجێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەی لە ئەستۆ گرت و هەر لەسەر خاکی ئەو وڵاتەش ڕاگەیەندرا. (محمد، 2006، 79)، گوایە سەرۆکی یوگسلاڤیا جۆزیف بروس تیتۆ(1892–1980)، ئامۆژگاری سەدامی کردوە، کە بۆمیدیەن ڕازی بکەن بۆ نێوەندگیری و لە ڕێگای ئەو بگەن بە ئەمەریکا و لەگەڵ شادا ئاشت ببنەوە، چونکە بۆمیدیەن لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا خاوەن پایەیەکی دیاریکراو و سیاسەتوانێکی لێزان بوە. (دزەیی، 2009، 333)، باڵیۆزی جەزائیر لە بەیروت، سەدام حوسێنی لە پاڵپشتی بۆمیدیەنی سەرۆکی جەزائیر ئاگادار کردوەتەوە، (بارزاني، 2011، 491)، جگەلەوە بۆمیدیەن شای ئێرانی ئاگادار کردبوەوە، کە سەدام پێی گوتوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران، دەرفەتێکی تەواو لە لوتکەی کۆنگرەی جەزائیر وەردەگرێت، (علم، 1371ش، 660؛ محمد، 2006، 79).

هەواری بۆمیدیەن لە جەزائیر لە دیدگایەکی دورەوە سەیری یەکبونەوەی عێراق و ئێرانی دەکرد، پێی وابو بە درێژەدانی ئەو ناکۆکییە لە ڕێگەی شۆڕشی کوردەوە، هەردو زلهێز سۆڤیەت و ئەمەریکا هەوڵی زیاتر دەست تێوەردان و چونە ناو ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست دەدەن، بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی شادەماری ئاوی و ئابوری ناوچەکە، (جەلال، 1998، 407).

لە بواری نەوتدا ئاشت کردنەوەی عێراق و ئێران لە لایەن جەزائیرەوە قازانجێکی زۆری تێدا بو، شای ئێران وەک جەزائیرییەکان هەڵوێستێکی زۆر توندی لە بواری نەوتدا وەرگرتبو، لەوبارەوە بە توندی ڕەخنەی لە شا فەیسەڵی پاشای سعودیە دەگرت، (کۆچێرا، 2003، 418). جگە لەمانە جەزائیر ترسی لە سەرکەوتنی کورد لە بەدەستهێنانی مافەکانی هەبو، نەوەک بەربەرەکانی جەزائیریش داوای هەمان ماف بکەن. (عوني، 1993، 95). بۆیە ئەمە یەکێک بوە لەو هۆکارانەی، کە جەزائیر لە بەرژەوەندی بەغدا بایەخ بە کۆتایهێنانی پرسی کورد بدات، ئەمە جگە لە هۆکاری هاوپشتی نەتەوەیی عەرەبی. (بارزاني، 2011، 491).

ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا دەڵێت: بۆمیدیەن بۆ دانانی سیستەمێکی نوێی ئابوری پێویستی بە پشتگیری دارایی بو، بۆیە بۆ پلانی گەشەپێدانی چوار ساڵەی خۆی پێویستی بە دابینکردنی پارە بو. دەوترێت جەزائیر داوای ٥٠ ملیۆن دۆلاری لە عێراق کردوە و ڕەنگە لەگەڵ ئێرانیش هەوڵی دابێت، (بارزاني، 2011، 580). دەکرێت هۆکاری ئابوری لە هەمو بۆچون و ئەگەرەکان نزیکتربێت، هەرچەندە تا ئێستا بەڵگەیەک یان سەرچاوەیەکی تایبەت بۆ پشتڕاستکردنەوەی هۆکاری گەرم و گوڕی نێوەندگیری بۆمیدیەن بۆ ئاشتکردنەوەی عێراق و ئێران، لە سەر حیسابی شۆڕشی کورد لەبەردەستدا نییە. سەرەڕای ئەو هۆکارانەی باس کران بە بڕوای ئێمە بۆمیدیەن ویستویەتی وەک سەرۆکێک ڕۆڵێکی دیار و کاراتر لە ناوچەکەدا بگێڕێت، هەروەها نەهێشتنی ناکۆکی نێو وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، بە ئامانجی یەکخستنی سیاسەتی نەوتی هۆکارێکی تر بوە.

شایەنی باسە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان جەزائیر و عێراق هەبوە و لە هەمو بوارەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردوە. (زینب، 2016، 91). جگەلە خاڵە دیارەکانی، ڕێککەوتننامەکە خاڵی نهێنیشی تێدابوە، چونکە کاتێک سەدام لە ساڵی 1980 تاک لایەن ڕێککەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوە، هەریەک لای خۆیەوە بیانوی دەگرت بە هەندێک خاڵ کە لە ڕێککەوتننامەکەدا نەبوە، (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خاڵە نهێنییەکانی ڕێککەوتننامەکە، بڕوانە، زادە، 2013، 117–136 ؛ کۆچێرا، 2003، 418؛ عومەر، 2002، 51).

## ئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە بەو دەرئەنجامانە گەیشتوە:

1- ڕێککەوتننامەکە ئەگەرچی ناوی کوردی تێدا نەهاتبو بەڵام سەودایەک بو لە نێوان عێراق و ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

2- ڕێککەوتننامەکە جگە لەو خاڵانەی ئاشکرا کراون، خاڵی نهێنیشی تێدایە، بەڵام تا ئێستا ئاشکرانەکراون، ئەو لێدوانانەی کە ئەدران لە نێوان هەردو وڵات و هەروەها وڵاتانی تریش، لە ناو ڕێککەوتنەکەدا دیار نییە، ئەمەش جێگای تێڕامانە.

3- دەوڵەتانی کەنداو بەگشتی گەرم و گوڕتر بون لە پێشوازی کردن لە ڕێککەوتننامەکە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە ئەو دەوڵەتانە خوازیاری سەقامگیر و ئاشتی بون لە ناوچەکە.

4- ئەردەن و میسر لە سەرەتادا ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە نزیک کردنەوەی عێراق و ئێران، بەڵام لە کۆنگرەی ئۆپێک و بەدواوە، هەواری بۆمیدیەنی سەرۆکی جەزائیر ئەو ڕۆڵە دەگرێتە ئەستۆ و کارەکە تەواو دەکات هەردولا دەگەیەنێت بە یەکتر و لەسەر حیسابی کورد کۆتایی بە کێشەی نێوان عێراق و ئێران دەهێنێت.

5- هۆکاری ئابوری دیارترین هۆکارە، کە پاڵی بە هەریەک لە میسر و جەزائیرەوە نابێت، بۆ نێوەندگیری و ئاشتکردنەوەی عێراق و ئێران.

6- دەوڵەتە عەرەبییەکان بەگشتی پشتگیری ڕێککەوتننامەکەیان کردوە، جگە لە سوریا و لیبیا نەبێت، بەبێ ئەوەی ئایندەی مافەکانی گەلی کورد لەبەرچاوبگرن.

7- هەمو ئەو نێوەندگیرییە و کۆبونەوانە بە نهێنیبون و دور بون لە چاوی ڕاگەیاندنەکان، تەنانەت ناوەرۆکی کۆبونەوەکان بە نهێنی ماونەتەوە، ئەمەش وای کرد سەرکردایەتی کورد درەنگ بە هەوڵەکان بزانێت.

# Arab states' attitude towards the Algiers agreement 1975

**Omeed Yaseen Rasool [1]- Mohammad Abdullah Kakasor[2]**

[1+2]History Department, Collage of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

After the resumption of war between the Iraqi government and the Kurds in 1974, the Iraqi government sought about another plat to overcome the Kurdish revolution: it was approaching Iran, because Iranian government supported the Kurds in every way, including the military backing. The Iraqi government entered into negotiations with Iran by assistance of the Arab countries with strong ties.

The Arab states did not remain silent about the events in Iraq, intensified their efforts to help both countries closer to each other and end the long-standing conflict between them,

Finally, they successfully managed to sign the Algiers Agreement, Iraq and Iran were reconciliated. As the result of the agreement, the Kurds were the biggest losers because the September Revolution ended for fourteen years continued.

This paper consists of an introduction, two basic topics and conclusions. The first topic discusses the role of Arab states in bringing Iraq and Iran closer together, and the second topic focuses on the Algiers agreement and the reaction of Arab states to the agreement. At the end of the study, the most important results of this study are presented in several points.

**Keywords**: Algiers Agreement, Mediation, Position, Saddam, Meeting, Shah Of Iran.

## سەرچاوەکان

وزارة الخارجية العراقية، النزاع العربي الايراني، التسلسل 89، 1981.

دزەیی، موحسین(2009)، وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

نوری بەگ، تۆفیق(2020)، بیرەوەری مێژویی لە تێڕوانینی کوردێکی نەتەوەیی بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلولی 1961، چاپخانەی تاران، تاران.

قدوري، فخري(2006)، هكذا عرفت البكر وصدام رحلة 35 عاما في حزب البعث، دار الحكمة، لندن.

شريف، مذكرات عزيز(2010)، د. ط، د. م.

علم، امير اسدالله(1371ش)، گفتگوهای من باشاه، جلد دوم، طرح نو، تهران.

بارزانی، مسعود(2004)، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد 1961-1975، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

پژمان، عیسی(1997)، نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی 1975ی ئەلجەزایر، وەرگێڕانی: ناسر ئیبراهیمی، چاپخانەی ڕۆژ، سوید.

جەلال، ئیبراهیم(1998)، خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن 1961-1975، چاپی دوەم، چاپخانەی هێرمان، سوید.

دێشنەر، گوینتەر(2004)، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو، وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەمەکەریم عارف، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ڕەشید، سەلاح(2019)، مام جەلال-دیداری تەمەن-لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چاپی چوارەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.

ڕەئیسینەژاد، ئارەش(2022)، شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان 1958-1979، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

زادە، کامەران بابان، 2013، ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لە سەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشور، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

شۆڕش، سامی (2002)، عێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

شیسمەن، پاول، ئیبراهیم، خۆشەوی مەلا(2012)، ژیان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی، وەرگێڕانی لە تورکیەوە: ئەردەلان گۆران، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان(2002)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان 1975-1976، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی.

عەبدولقادر، نازناز محەمەد(2008)، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا 1961-1975، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

عەبدوڵڵا، فەرەیدون عەبدولڕەحیم، (2008)، بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق 11ی مارتی1970-11ی مارتی 1974، چاپخانەی منارە، هەولێر.

کۆچێرا، کریس(2003)، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، و: حەمە کەریم عارف، چاپخانە و ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی.

گیبسن، بریان ڕۆبەرت(2019)، ئەرێ کورد بونە بەردەباز؟!، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر، لە بلاوکراوەکانی تۆڕی هەواڵی ژیان، ب ش.

مستەفا، سۆزان کەریم(2007)، بەعسیزم و کورد 1947–1975، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

نەکدیمۆن، شلۆمۆ(2011)، مۆساد لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ دارمانی ئومێدی ئیسرائیلی و کوردەکان، وەرگێڕانی: ڕەهەند عبدالغفور، چاپخانەی زانا، بێ شوێن.

هێتوتی، نەوزاد عەبدوڵا(2009)، دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی – دوای 2003، چاپخانەی خانی، دهۆک.

ینتیسار، نادر(2004)، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا(1997)، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ، بەرلین.

بارزاني، ايوب(2011)، الحركة التحررية الكوردية وصراع القوى الاقليمية والدولية 1958–1975، دار نشر حقائق المشرق، جنيف.

بينغيو، أوفرا(2014)، كرد العراق بناء دولة داخل دولة، ت: عبدالرزاق عبدالله بوتاني، دار آراس للطباعة والنشر، أربيل.

تریب، چارلز، (2013)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی عێراق، و: محەمەد حوسێن، عەبدولقار کەلهور، چ3، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سنجاري، على(2006)، القضية الكوردية وحزب البعث العربى الاشتراكي في العراق، ج1، مطبعة حاجي هاشم، أربيل.

عوني، درية(1993)، عرب وأكراد خصام أم وئام، دار الهلال، القاهرة.

عيسى، حامد محمود(1992)، المشكلة الكردية فى الشرق الاوسط، مكتبة مدبولى، القاهرة.

الخرسان، صلاح(2001)، التيارات السياسية في كردستان العراق 1946-2001، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

راندل، جوناثان(1997)، أمة في شقاق، ت: فادى عمود، دار النهار للنشر، بيروت.

كاوه أ.، (1990)، قضية كردستان الجنوبية والافاق المستقبلية، اعلام حزب كادحى كوردستان، د. م.

التكريتي، عبدالرزاق (2019)، ظفار ثورة الرياح الموسمية، ت: احمد حسن المعيني، دار جداول، بيروت.

العامري، عبدالخالق ناصر(2017)، البارزاني مصطفى والقضية الكردية في العراق 1931-1975، دار الجواهري، بغداد.

العيدروس، محمد حسن (1998)، تاريخ الخليج العربى الحديث والمعاصر، ط2، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، د . م.

العراق وقائع وأحداث 1968-1979(2011)، القسم الثالث، المركز الاعلام للمعلومات والدرسات، بغداد.

السمر، عمار علي(2012)، شمال العراق 1958-1975، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، بيروت.

الموصلي، منذر(2000)، القضية الكردية في العراق(البعث والاكراد)، دار المختار، دمشق.

متى، انطوان(1993)، الخليج العربي من الاستعمار البريطاني حتى الثورة الايرانية(1798-1978)، دار الجليل، بيروت.

موريس، هارفي، بلوج، جون، لا اصدقاء سوى الجبال، ت: راج آل محمد، د.ط، بيروت، د.س.

سالم، حيدر سمير(2019)، الاوضاع السياسية لكرد العراق في عهد الرئيس احمد حسن البكر 1968-1979، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب، جامعة البصرة.

الخزاعي، راضي داوي طاهر(2007)، العلاقات العراقية – الايرانية 1963-1975، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية التربية-الجامعة المستنصرية، بغداد.

البخاتي، عباس زاير حمود فياض(2022)، موقف دول المغرب العربي من الحرب العراقية-الايرانية 1980-1988، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة كربلاء، كربلاء.

محمد، فلاح خلف(2006)، اتفاقية الجزائر 1975 مقدماتها، ونتائجها، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية، الجامعة المستنصرية، بغداد.

زينب، نويشي(2016)، العلاقات الجزائرية العراقية من 1965-1978م، رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة محمد خيضر، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، بسكرة.

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسایەتی سیاسی د. مەحمود عوسمان، هەولێر، 2022/10/22.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 1298، 2 حوزەیران 1996.

جريدة اخبار الاسبوع، العدد 685، 1975/1/9.

جريدة الاتحاد، العدد 86-31، 1975/3/11.

جريدة الأنباء، العدد 1982، 1975/4/21.

جريدة الأنوار، العددين 5189، 5243.

جريدة الاهرام، الاعداد 22239، 32170، 32174، 32220، 32223، 32224، 32226، 32227، 32228، 32230، 32237، 32303.

جريدة البشير، العدد 32174، 1974/10/26.

جريدة الدستور، الاعداد 2605، 2673، 2676، 2735، 2736، 2744، 2831، 2833.

جريدة الرأي العام، الاعداد 4084، 4085، 4086، 4088، 4090، 4094.

جريدة الرأي، الاعداد 1297، 1300، 1306، 1308، 1371.

جريدة الصباح، الاعداد 486، 487، 490، 491، 485.

جريدة العرب، العددين 476، 477.

جريدة النهار، الاعداد 12412، 12415، 12417، 12423، 12425، 12484، 12485.

* لە ساڵی 1965 بەرەی ڕزگاریخوازی زەفار لە عومان ڕاگەیەندرا، دەستیان کرد بە خەباتی چەکداری، بە ئامانجی ڕوخاندنی دەسەڵاتی سوڵتان سەعید کوڕی تەیمور و دەرکردنی بەریتانییەکان لە عومان، هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبی پشتیوانیان کرد، لە نێویاندا عێراق، ئەم شۆڕشە بەردەوام بو تا ساڵی 1975، لەو ساڵەدا بە هاوکاری کۆمەڵێک دەوڵەت لە سەرویانەوە ئێران دامرکایەوە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، التكريتي، 2019، 20 بەدواوە)